بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاوانناسی


م.ی توانا عثمان محمدامين

قۆناغی سێیەم – کۆمەڵناسی

twanaosman357@Gmail.com

Mobile :07504859088


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
CRIMINAL
THEORIES
THOUGHT
NDIVIDUAL
INDIVIDUALS
SOCIETY
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
POSITIVISTS
SCHOOL
SCHOOLS
CONTROL
PEOPLE
PLACE
WITHIN
BEGAN
AREA
SIDE
CONSIDERED
COMES
THINGS
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
BEHAVIOR
PERSON
ORDER

**سێیەم: شیکردنەوەی تاوان لەڕوانگەی ماکس ڤیبەر.**

ماکس ڤیبەر هەوڵی داوە شیکردنەوە بۆ ڕەفتاری مرۆڤ بکات و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابەشی سێ جۆر دەکات کە بریتین لە:

**١- ڕەفتاری غەریزی:( لێرەدا باسی دەرونشیکاری قورئان و دەرونزانی بکە)**

- سەرچاوەی ئەم ڕەفتارە مەیل و حەزێکی ئاژەڵی و بایۆلۆژییە.
- لە **نەستەوە** سەرچاوە دەگرێـت، تاك پاڵ دەنێت بۆ تێرکردنی حەز و داواکاریەکانی، بێ ئەوەی بیر لە ئەنجام و ئایندەی ئەم رەفتارە بکاتەوە.
- ئەم جۆرەی ڕەفتار لەبەرامبەر (ئەو ID) ی تیۆرەکەی فرۆیدە، وەك ئەنجامدانی ڕەفتاری(خواردن، خواردنەوە، سێکس، خەو، ڕشتنی پاشەڕۆ، خۆڕزگارکردن لە مەترسی،......)

## ٢-ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نەریتی:

- ئەم ڕەفتارە لە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت.
- یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان؛ ڕەفتار و هەڵس و کەوتی تاکەکان دیاری دەکەن.
- هەر بەپێی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەش تاك ئامانج و نەخشەی ئایندە و حەز و خۆزگەکانی دیار دەکات.
- نەریتی کۆمەڵگە و گروپ؛ زۆرجار تاوان و ڕەفتاری نامرۆڤانە بە مرۆڤ دەکات و دەکرێت وەك هۆکارێکی تاوانکردن سەیری بکەین.
- بۆنمونە (ژن کوشتن، شەڕە عەشیرەت، ناوچەگەری، تۆڵەکردنەوەی بەردەوام،....)، ڕەفتاری نەریتین.

## ڕەفتاری کۆمەڵایەتی عەقڵانی :

- ئەمە ڕەفتارێکە لەسەر بنەمای ئەقڵ و لۆژیك دامەزراوە.
- لە ئامرازەکانی کاری کۆمەڵایەتی تاکەکاندا نمونەیەکی پێشکەوتووتر دەردەکەوێت.
- وەك بەکارهێنانی زمانێکی باڵا یان ئاخاوتنێکی ژیرانە بۆ تێگەیشتن و ڕەتکردنەوەی بیروبۆچوونی یەکتری و بەڵگەی لۆژیکی بەکاردێنن.

**ماکس ڤیبەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەقڵانی بۆ سێ جۆری لاوەکی دابەش دەکات :**

**أ- بە ئامرازێکی عەقڵی بۆ ئامانجێکی نا عەقڵی:**

- دەکرێت ئەم جۆرەی ڕەفتاریش ببێتە هۆی تاوانکردن و تاوانی پێ شیبکرێـتەوە.
- بۆنمونە: بازرگانێکی مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە ئامرازی ئەقڵییە وەك ئەوەی(چۆن ماددەی هۆشبەر بکرێت، چۆن دور لەدەستی هێزە ئەمنییەکان بیگوازێـتەوە، پێویستە غەرامی بەچەند بدات و چەند قازانج بکات،....).
- بەڵام ئامانجەکەی نا ئەقڵییە و خزمەت بە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی ناکات؛ چونکە بێ سودە و خەڵك ئالودە دەکات.

**ب- به ئامرازێکی ناعەقڵی بۆ ئامانجێکی عەقڵی :**

- لقی دووەمی جۆری سێیەمی ڕەفتارە لای ماکس ڤیبەر، ئەم جۆرەیان پێچەوانەی لقی یەکەمە.
- دەکرێـت ئەم جۆرەش ببێتە هۆی تاوان و تاك بیر لەتاوان بکاتەوە بۆئەوەی بە ئامانجەکانی بگات.
- بۆنمونە(کەسێك پاسپۆرت تەزویر دەکات تاکو سەفەر بکات بۆ ئەو وڵاتەی دڵی دەیخوازێت، قوتابییەك قۆپییەدەکات تاکو لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بێت و بڕوانامە بەدەست بهێنێت، بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لە پێناو دەوڵەمەند بوون، قوتابییەك توێژینەوەیەك دەکرێت و بەناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە تاکو لە قۆناغی چوارەمی زانکۆ سەرکەوتوبێت......)


## ج- بە ئامرازێکی ئەقڵی بۆ ئامانجێکی ئەقڵی :

- بە تێڕوانینی ماکس ڤیبەر ئەم جۆرەی ڕەفتار **نمونەی باڵای ڕەفتاری مرۆڤە.**

- پێی وایە کاتێك مرۆڤەکان بەم جۆرە ڕەفتار دەکەن کۆمەڵگەیەکی نمونەیی و ئارام دروست دەبێت.

- لەم جۆرە ڕەفتارەدا پەنا نابرێتە بەر تاوان و کاری نایاسایی..

- بۆنمونە( قوتابییەك خۆی ماندو دەکات و تێدەکۆشێت تاکو لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوبێت، کەسێك وەرزش دەکات تاکو کێشی خۆی دابەزێنێت، کەسێك ڕێزی خەڵك دەگرێـت تاکو ڕێزی بگیرێتەوە، نوسەرێك کتێب دەنوسێت تاکو خزمەت بکات و ناوی بمێنێتەوە....).


ڕەفتاری مرۆڤ لە ڕوانگەی ماکس ڤیبەرەوە
ڕەفتاری ئەقڵانی
ڕەفتاری نەریتی
ڕەفتاری غەریزی
بە ئامرازێکی عەقڵی بۆ ئامانجێکی نا عەقڵی
بە ئامرازێکی ناعەقڵی بۆ ئامانجێکی عەقڵی
بە ئامرازێکی ئەقڵی بۆ ئامانجێکی ئەقڵی

# بەهیوای سەرکەوتن

